### بانگەوازێك بۆ دانیشتوانی کەرکوك سەبارەت بە :

# ئاکامی خۆپیشاندانەکانی دووهەفتەی ڕابردوو لە شۆررجەو ڕەحیماوا

**جەماوەری ناڕازی کەرکوك**

خۆتان شاهیدی ئەوەن کە لەسەرەتای ساڵەوە خەڵکی گەڕەکەکانی شۆرجەو ڕەحیماواو تەپەو...، بەهەزارانیان ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر ئەو گرانی و بێمافیو گەندەڵیانەی کە لەشارەکەدا هەن، وەلەبەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزاریەکانو نەبوونی هیچ ئاسۆیەکیش بۆ دەربازبوون لەم کوێرەوەریە ڕۆژانەیەی خەڵك دەنگیان هەڵبڕی ، تا ئاستی ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ پۆلیسو بەردبارانکردنیان لەلایەن خەڵکەوەو دەستڕێژی گوللەش لەلایەن پۆلیسی عێراقیو سوپای ئەمریکییەکانەوە، کە ئاگادارن ئەم تەقەکردنەش بووە هۆی گیانلەدەستدانی چەند کەسێكو برینداربوونی ژمارەیەکی زیاتریش لەهاوڵاتیان. تەنانەت هەڕەشەو چاوسورکدنەوەکانیشیان ڕیزەکانی ئێمە لە دەستەی داکۆکی و ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریشی گرتەوەو ئەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە پاشەکشە بە خەڵكو ئێمە بکەن، وەتائێستاش کێشەوگرفتەکانی خەڵك بەهەڵواسراوی ماونەتەوەو دەسەڵاتدارانیش هەردەستی دەستی ئەکەنو چارەسەرێکیشیان پێنیەو نەئامادەشن چارەسەرێك بدەنەدەرەوە، هەربۆیەشە کە وەزعی خەڵك نالەبارترو گرانیو قاتو قڕیو بێکاری چەندبەرابەر زیادی کردوە.

**خەڵکی ناڕازیو ئازادیخواز**

ئێوە ئاگادارن کە بەرپرسانی شار هەرکاتێك ئەبینن خەڵك هاتوەتەمەیدان و داوای مافەکانی خۆی دەکات، سەرەتا بەگێرەشێوێنو دەست لەپشتو ئاژاوەگێڕی لەقەڵەم ئەدەن، دواتر لەژێر فشاردا ئەو لەهجەیەئەگۆڕدرێتو دەکەونە پەخش کردنی وەعدەوبەڵێنی درۆزنانە کە چارەسەری گرفتەکانی خەڵك ئەکەن، بەڵام لێرەوە ئاگادارتان ئەکەمەوە کە نەك هەر هیچکام لەبڵێنەکانیان جێبەجێ نەکروە، بەڵکو بەئاشکراو بێپەردە کەوتونەتە دژایەتی خەڵكوهەڕەشەکردن، لەلایەکی تریشەوە نرخەکانیان چەندبەرابەرتر کردوەو پێداویستیەکانی ژیانی خەڵكو خزمەتگوزاریەکانیان کردۆتە کارێکی وەدینەهاتوو، بۆیە ئێمەو خەڵك لەبەرامبەردا ئەبێت بەئاگابین و بێدەنگ نەبین لەم بێ مافیو دەستدرێژیانە، بەوئەندازەیەی خەڵك لەمەیداندا بێتو ناڕەزایەتی دەربڕێتو خۆپیشاندان بکات، بەهەمان ئەندازە لەچارەسەری ئەو کێشانە نزیك ئەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە، بۆیە بانگەواتان ئەکەم بۆ کۆبوونەوە لەدەوری دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی جەماوەری شاری کەرکوك و نوێنەرایەتی خۆتان لەگەڕەكو ناوەندەکان دروست بکەنو پەیوەندیمان پێوە بکەن، ئەم ڕێگەیە لەئێستادا تاکەڕێگەیە کە دەسەڵاتداران ناچار بکرێن بەوەڵامدانەوە بەخواستەکانمان، وەهەر لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین کە هەنگاوەکانی داهاتومان شێوازو ڕێگەی جۆاروجۆری تری بەدواوە ئەبێت، لەچەشنی مانگرتنی گشتی لەسەر ئاستی شارو گەڕەکەکانو ناوەدەکاندا، خۆپیشاندانو ناڕەزایەتی دوەربڕینو بەدەستەوە گرتنی شەقامەکان، سووربوون لەسەر ئەوەی کە ئەبێت ژیانو گوزەرانی خەڵك باش بکرێت بەشێکە لەکاری کۆڵنەدەرانەی داهاتومان، داهاتێکی زۆروزەبەنەی لافاوئاسای شاری کەرکوك ئەبێت بەشی خەڵکی لێبدرێتو ئەبێت ڕێگەنەدەین کە ئەوان لە لوتکەی ڕفاهیەتدا بژینو ئێمەو مناڵەکانمان لەخراپترین ئاستی ژیانکردندا. دووبارە بانگەوازتان ئەکەم کە بەم ڕیزە ناڕەزایەتیانە پەیوەست بن.

## ئازاد مجید

## لەلایەن دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی

## جەماوەری شاری کەرکوك

2006/1/23

---

ژمارە تەلەفۆنەکان:

ئازاد مجید: 07701231010 ، ڕەمەزان صابر: 07701324181 ، محمد عزیز: 07701325656